
# «پۆكیمۆن گۆ»، جۆرەكانی واقیع، ئایدۆلۆژیا





سلاڤۆی ژیژەك

و. وەلید عومەر

®®®®®®

«...نزیکەی دووساڵێك بەر لە ئێستا یارییەك کەوتە بازاڕەوە کە سنوری نێوان خەیاڵ و واقیعی هەڵدەگرت و ناوی "پۆکیمۆن گۆ" بوو. سەیری ناو شاشەیەکمان دەکرد و شتانێکمان دەبینی کە لە دەرەوە بوونیان نەبوو؛ بەڵام بەجۆرێك هەڵسوکەوتمانی دەگۆڕی جێی بڕوا نەبوو. بۆنمونە چەند کەسێك بە تاسەی گرتنی پۆکیمۆنەکانەوە لە بەرزییەوە دەکەوتنەخوارەوە و دەمردن. سلاڤۆی ژیژەك ئەم یارییەی کردووەتە بیانوو تاکو چوار جۆر "واقیع"مان لە دونیای ئەمڕۆدا بۆ ڕوونبکاتەوە». ژیژەك پرسی واقیع و مەجاز، تا ناو مێشکی مرۆڤ دەباتەدواوە و لە تۆڕی ئەنتەرنێت فراوانتری دەکاتەوە. لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر فەرامۆشنەکردنی دیوە ئایدۆلۆژییەکەی یارییەکان و دیاردەکانە کە ژیژەك لە قافا دەیانگرێت. ئەمە جگە لەوەی لەم سەردەمە خێرا و پەشێوەدا ئاهێك بە بەر خوێنەراندا دێنێتەوە کە لەڕێگەی لێکچواندنی کارکردی شتەکانەوە، تێدەگەین هێشتا زبرییەك ماوە و لەپشتمانەوە جێمانهێشتووە و هەموو شتێکمان هەر تازە نیە.

®®®®®®

**یاریی «پۆکیمۆن گۆ»(Pokémon Go) کە لە تەمموزی 2017 کەوتە بازاڕەوە، یارییەکی شوێنمیحوەری بارکراو و زێدکراوە بۆ سەر واقیع[1] و عادەتەن لەسەر هاندی مۆبایل یاریی پێ دەکرێت. یاریکەرەکان ئامێری GPS** و کامێرای مۆبایلەکە بەکاردەهێنن بۆ گرتن و شەڕکردن و ڕاهێنانی بوونەوەرە مەجازییەکان(کە ناویان "پۆکیمۆن"ـە). ئەم بوونەوەرانە بەجۆرێك بەسەر شاشەکەوە دەردەکەون هەردەڵێی لەو شوێن و دونیا واقیعییەدان کە یاریکەرەکەی تیایە: کاتێك یاریکەرەکان بە دونیا واقیعییەکەدا دێن و دەچن، ئیدی ئاڤاتارەکەشیان بەسەر نەخشەی یارییەکەوە ڕێدەکات و دەجووڵێت. پۆکیمۆنە جیاجیاکان لە ناوچە جیاجیاکاندا نیشتەجێن: بۆنمونە، پۆکیمۆنە ئاوییە/شینەکان لە نزیکی ئاوەوە دەردەکەون.  کاتێك یاریکەرەکە ڕووبەڕووی پۆکیمۆنێك دەبێتەوە، **ئیدی AR**(واتە واقیعە زێدکراوەکە) بەهۆی بەکارهێنانی کامێراکە و جایرۆسکۆبە ئاراستەپێوەکەی مۆبایلەکەوە، وێنەی پۆکیمۆنێك پیشاندەدات کە هەردەڵێی لە دونیای واقیعدایە[2]. ئەم حاڵەتەی واقیعە زێدکراوەکەیە کە "پۆکیمۆن گۆ" لە یارییەکانی تر جیادەکاتەوە: یارییەکە لەجیاتیی ئەوەی لە دونیای واقیعی بمانکاتەدەرێ و بەرەو فەزایەکی دەستکردمان ببات، کەچی هەردووکیان تێهەڵکێشدەکات(دونیای واقیعی و دەستکرد/مەجازی تێهەڵکێشدەکات). خۆمان سەیری واقیع دەکەین و بەهۆی چوارچێوەی فەنتازیی شاشە دیجیتاڵەکەوە پەیوەندی و کارلێکی لەگەڵدا درووستدەکەین. ئەم چوارچێوە نێوانگرەش واقیع بەهۆی کۆمەڵێك ڕەگەزی مەجازییەوە  تەواودەکات کە ئارەزوومان بۆ بەشداریکردن لە یارییەکەدا دەهێڵێتەوە، کە ناچارماندەکەن لە

[1]. augmented-reality

[2]. بەبێ ئەوەی شەرم لە خۆم بکەم، پێویستە بڵێم  ئەم وەسف و زانیارییانەم لە ویکیپیدیاوە وەرگرتووە(ژێژەك)

فەزایەکی واقیعییدا بەدوایاندا بگەڕێین، لەکاتێکدا کە بەبێ ئەم چوارچێوەیە بێباك دەماینەوە بەرامبەری. خۆ ئەم وەسفانە ئاشنان؟ بەڵێ ئاشنان. تەکنۆلۆژیای «پۆکیمۆن گۆ»، ڕوویەکی دەرەکی بەو شتە دەبەخشێت کە میکانیزمی بنەڕەتیی ئایدۆلۆژیایە. ئایدۆلۆژیا لە بنەڕەتییترین شێوەی خۆیدا، بریتییە لە نوسخە بنەڕەتییەکەی «واقیعی زێدکراو».



یەکەمین هەنگاو بەئاراستەی تەکنۆلۆژیای «لاساییکردنەوەی ئایدۆلۆژیا»دا، چەندساڵێك پێش ئێستا لەلایەن "پراناڤ میستری"یەوە نرا کە ئەندامی گرووپی "فلوید ئینتەرفەیسز"ـە لە تاقیگەی میدیایی MIT: ئەم زانایە «نێوانگرێکی ژێستکار»ـی پۆشتەنیی بەناوی «هەستی شەشەم[3]» درووستکرد. ئەم هاردوێره(وێبکامێرایەکی بچوك کە بە ملی کەسەکەدا شۆڕدەبێتەوە، پرۆجێکتۆرێکی بچوك و ئاوێنەیەکیش، کە هەمووی بەبێ وایەر بەستراون بە سمارتفۆنی ناو گیرفانی کەسەکەوە) هاندێکی پۆشتەنیی مۆبایل پێکدێنێت. بەکارهێنەرەکە، سەرەتا شتەکان

3. SixthSense

هەڵدەگرێت و ژێست دەنوێنێت؛ کامێراکە بەهۆی تەکنیکە بینینمیحوەرەکانی کۆمپیوتەرەکەوە، دوای ژێستەکانی دەستی بەکارهێنەرەکە و شتە فیزیکییەکان دەکەوێت و دەستنیشانیان دەکات. سۆفتوێرەکە، داتا ستریمی ڤیدیۆکە پرۆسێس‌دەکات، وەك زنجیرەیەك فەرمان دەیانخوێنێتەوە و زانیاریی گونجاو(تێکست و وێنە و هتد) لە ئەنتەرنێت وەردەگرێتەوە. پاشان **هاندەکە** ئەم زانیارییانە دەهاوێژێتە سەر هەر ڕووکارێکی فیزیکیی بەردەست(ڕووکارەکان، دیوارەکان و شتە فیزیکییەکانی چواردەوری داپۆشەری هاندەکە دەتوانێت ڕۆڵی ئەم نێوانگرە بگێڕێت). چەند نمونەیەك بۆ ئەوەی کە **هاندەکە** چۆن کاردەکات: لە کتێبفرۆشییەکدا کتێبێك هەڵدەگرم و لەبەردەم خۆمدا ڕایدەگرم، یەکسەر دەبینم ڕانان و خاڵەکانی بەسەر بەرگی کتێبەکەوەن، دەتوانم بەهۆی جووڵەی ڕاستەوخۆ و شهودیی دەستمەوە، لەناو ئەو نەخشەیەدا کە بەسەر ڕووکارێکی نزیکەوە نمایشکراوە بەدوای ئاراستەدا بگەڕێم: بچوکی بکەمەوە، گەورەی بکەمەوە، یان جێگاکەی بگۆڕم. بە پەنجەکانم هێمای @ دەکێشم، شاشەیەکی مەجازیی کۆمپیوتەر لەگەڵ ئیمەیڵەکەمدا دێتە بەردەستم، پاشان دەتوانم نامە و پەیامەکانم لەسەر کیبۆردێکی مەجازی بنوسم. دەکرێت لەمانەش زیاتر بڕۆیت: بۆنمونە بیر لەوە بکەوە کە **هاندێکی** لەم جۆرە، چۆنچۆنی کارلێکە سێکسییەکان دەگوازێتەوە(وەرن با لەسەر هەمان هێڵ، خەونێکی سێکسیی پیاوانە درووستکەین: هێندە بەسە سەیری ژنێك بکەیت و ژێستێکی شیاو بنوێنیت تاکو ئەم ئامێرە وەسفێکی تایبەتمەندییەکانی ئەو ژنە بخاتەڕوو: تەڵاقی وەرگرتووە و ئاسان دەستدەدات بۆ فریودان، و حەزی لە جاز و دۆستۆیفسکییە و باشیش دەیلێسێتەوە و هتد). بەم جۆرە، کۆی دونیا دەبێتە ڕووکارێکی "فرە لەمسی[4]". کۆی

---

[4] . multi-touch

ئەنتەرنێتیش بەردەوام سازوئامادەدەکرێت بۆ دابینکردنی کۆمەڵێك داتای زیادە تاکو ئەو توانستەم پێ بدەن ئاراستە بە خۆم بدەم.

میستری، جەختی لەسەر دیوە فیزیکییەکەی ئەم کارلێکە دەکردەوە: تا ئێستا ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەرەکان مرۆڤیان لە ژینگەی چواردەوری دادەبڕی، [وێنە ئایدیاڵە کۆنەکە] یان ئارکیتایپی بەکارهێنەری ئەنتەرنێت کەسێکی بەکارهێنی کۆمپیوتەرە کە بە تاقی تەنیا بەرامبەر شاشەیەك دانیشتووە و واقیعەکەی چواردەوری خۆی لەبیرکردووە. لەگەڵ «هەستی شەشەم»دا من دەرگیری کارلێکی فیزیکی دەبم لەگەڵ شتەکاندا: پێکداچوونێکی ڕاستەوخۆی هەردووکیان، دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی "هەرکام لە واقیعە مادییەکە یان دونیای مەجازیی شاشەکە". نمایشکردنی ڕاستەوخۆی زانیاری بەسەر ئەو شتە ڕاستەقینانەوە کە کارلێکم لەگەڵیدا کردووە، شوێنەوارێکی تەمومژاوی و جادوویی جێدەهێڵێت: وەك بڵێی شتەکان بەردەوام تەفسیرەکەیان ئاشکرادەکەن(یان دەدەنەدەرەوە). ئەم شوێنەوارە نیمچەگیاندار[5]ـە ڕەگەزێکی هەرەگرنگی ئەو شتەیە کە پێی دەوترێت ئەنتەرنێتی شتەکان(Internet of things[6]): «ئەنتەرنێتی شتەکان؟ شتانێکی بێگیانن کە قسەمان لەگەڵدا دەکەن، گەرچی لەڕاستیدا نابێت قسەبکەن. بۆنمونە گوڵەباخێك کە پێماندەڵێت پێویستی بە ئاوە[7]». (سەرنج لە تەوس و ئایرۆنیی ناو ئەم گوزارەیە بدەن کە حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستی فەرامۆشکردووە: گوڵەباخ گیانی تیایە). بەڵام ئەم گوڵەباخە بەدبەختە ئەو شتە ناکات کە نابێت «بیکات»: بەستراوەتەوە بە دەزگایەکی ئەندازەگیرییەوە کە پێماندەڵێت پێویستی بە ئاوە(یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم پەیامە

---

[5]. quasi-animist

[6]. ئەنتەرنێتی شتەکان زاراوەیەکە بۆ ئەو فەزایە بەکاردێت کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە شمەك و ئامێرەکان بەستراون بە ئەنتەرنێتەوە و هەردەڵێی گیان و جووڵەی خۆیان لە ئەنتەرنێتەوە وەردەگرن. ئەمەش بیرخەرەوەی ئەنیمیزمە کە باوەڕێکی دێرینە و پێیانوابوو شتەکان گیانیان تیایە- و

[7] Dnevnik newspaper, Ljubljana, Slovenia, Aug. 24, 2016. .

دەگوازنەوە بۆ مەکینەی ئاودانەکە). گوڵەباخەکە خۆی هەر ئاگاداریش نیە، هەموو شتێك لە *ئەویتری گەورەی* دیجیتاڵدا ڕوودەدات، چونکە ڕواڵەتی ئەنیمیزمەکە(واتە پەیوەندییمان بە گوڵەباخەکەوە) وەهمێکە و بەشێوەیەکی میکانیکی بەرهەمهاتووە.

بەڵام ئەم ئاسەوارە جادووییەی «هەستی شەشەم»، دەرخەری جیاوازییەکی ڕیشەیی نیە لەگەڵ ئەزموونی ڕۆژانەماندا؛ بەڵکو بەئاشکرا شتێك نمایشدەکات کە پێشوەخت هەبووە. واتە: لە ئەزموونی ڕۆژانەماندا دەرهەق بە واقیع، «ئەویتری گەورە»(واتە ئەو شیرازە چڕوپڕە ڕەمزییەی کە لە زانین و چاوەڕوانییەکان و دەمارگیرییەکان و هتد پێکهاتووە) بەردەوام درزەکانی تێگەیشتنمان پڕدەکاتەوە. بۆنمونە کاتێك ڕەگەزپەرستێکی خۆرئاوایی لەسەر جادە لوتی بە لوتی عەرەبێکی بێچارەدا دەتەقێت، ئایا تێکەڵەیەك لەم دەمارگیری و چاوەڕوانییانە بەسەر کابرای عەرەبدا «هەڵناڕێژێت»، بۆ ئەوەی بەشێوازێکی دیاریکراو «تێی بگات»؟ هەر لەبەر ئەمەشە کە «هەستی شەشەم» نمونەیەکی ترە بۆ شێوازی کارکردنی ئایدۆلۆژیا لەناو تەکنۆلۆژیادا: ئەم ئامێرە لاسایی میکانیزمی ئەو (هەڵە)ناسینەوەیە دەکاتەوە و بەرجەستەیدەکات کە تا دێت خەسڵەت دەداتە تێگەیشتن و کارلێکە ڕۆژانەییەکانمان.

ئایا لە یاریی «پۆکیمۆن گۆ»شدا شتێکی هاوشێوە ڕوونادات؟ وەرن شتەکە تا ئەو جێیەی کە دەشێت، سادەبکەینەوە: ئایا هیتلەریش چوارچێوەیەکی فەنتازیی ئایدۆلۆژیی نەبەخشییە ئەڵمانەکان، کە بووەهۆی ئەوەی پۆکیمۆنێکی تایبەتی «جوولەکە» ببینن لە کاتی کەوتن و هەستانەوەدا، و سەرەداوێکی پێدەدان تاکو تێبگەن دەبێت لەگەڵ کێدا بجەنگن؟ ئایا ئەمە سەبارەت بە کۆی ئەو کۆلکەدامەزراوە ئایدۆلۆژییانەش ڕاست دەرناچێت کە دەبێت بخرێنە سەر واقیع تاکو کامڵ و ماناداری بکەن؟ دەتوانین بەئاسانی وێنای نوسخەیەکی دژەپەنابەریی هاوچەرخ بکەین بۆ پۆکیمۆن کە تیایدا یاریکەرێك لە

شارێکی ئەڵمانیدا دەسووڕێتەوە، و چەتە و دەستدرێژیکارانێکی مسوڵمان کە لە هەموو لایەکەوە لە بۆسەدان، هەڕەشەی لێدەکەن. لێرەدا ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە بنەڕەتییە دەبینەوە: ئایا فۆرمەکە لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا هەر یەك شتە، یاخود ئەو تیۆرە پیلانگێڕییە دژەجوولەکەیەی کە دەبێتەهۆی ئەوەی جوولەکەکان بە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکان بزانین، لەڕووی فۆرماڵەوە لەو دیدە مارکسییە جیایە کە ژیانی کۆمەڵایەتی وەك مەیدانی ململانێی ئابوری و دەسەڵات سەیردەکات؟ جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا هەیە: لە حاڵەتی دووەمدا، ئەو "نهێنی"یەی کە لەپشت پەردەی هەموو پشێوییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوەیە بریتییە لە ئەنتاگۆنیزمە کۆمەڵایەتییەکان نەك کۆمەڵێك بریکاری فەردی کە ڕوویەکی کەسی و شەخسییان پێ بدرێت(لەژێر دەمامکی فیگەرەکانی پۆکیمۆندا)؛ بەڵام پۆکیمۆن گۆ بەزاتی خۆی بەرەو تێگەیشتنێکی بەکەس‌کراوی ئایدۆلۆژی دەڕوات دەرهەق بە ئەنتاگۆنیزمە کۆمەڵایەتییەکان. دەربارەی ئەو خاوەن بانکانەی کە لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەمان لێ دەکەن، شتێکی قورس نیە ئەوە ببینین کە حەکایەتی ئایدۆلۆژیایەکی پۆپۆلیستیی فاشیست دەرهەق بە پلۆتۆکراسی و فەرمانڕەوایی دەوڵەمەندەکان، چۆن دەتوانێت **دەستی بەسەردا بگرێت**(بەراورد بە سەرمایەدارە بەرهەمهێنەرە "ڕاستەقینە"کان)...خاڵی هاوتەریبی نێوان دژەجوولەکەیی نازییەکان و پۆکیمۆن گۆ، خاڵێکی زۆر سادە و ساکارە: «پۆکیمۆن گۆ» وا خۆی دەردەخات شتێکی نوێیە و ڕیشەی دەچێتەوە سەر دوایین تەکنۆلۆژیا، بەڵام پشتی بە میکانیزمە ئایدۆلۆژییە کۆنەکان بەستووە. ئایدۆلۆژیا واتە پیادەکردنی واقیعی زێدکراو.

ئەو وانە گشتییەی لە پۆکیمۆنەوە وەریدەگرین ئەوەیە کە: کاتێك مامەڵە بە پێشکەوتنە تازەکانی تەکنۆلۆژیای واقیعی مەجازییەوە دەکەین، وەك هەمیشە سەرنج لەسەر

ڕوانگەی «نقومبوونی تەواوەتی» چڕدەکەینەوە، بۆیە کۆمەڵێك ئیمکانی سەرنجڕاکێشتری «واقیعی زێدکراو» و «واقیعی تێهەڵکێشکراو[8]» پشتگوێدەخەین:

- لە واقیعی مەجازییدا ، هەندێ شت دەکەیت بە سەرتدا (ئێستا شاشەیەك لەسەر سەرتان جێگیردەکرێت کە وەك جووتێك چاویلکەی سەلامەتی یان کڵاوێکی ئاسمانیی سندووقئاسا وایە) کە شاشەیەك دەخاتە سەر چاوتان و بەستراوەتەوە بە کۆمپیوتەرەکەوە. بە لوتفی سۆفتوێر و هەستەوەرە تایبەتمەندکراوەکان، ئەم ئەزموونە دەبێتە واقیعی ئێوە و دیمەنەکەی پێش چاوتان پڕدەکاتەوە؛ لە نوسخە پێشخراوەکانی دواتردا بەزۆری ئامێرێکی دەنگیی سێ ڕەهەندییش لەگەڵ ئەمەدا دێن، وەك بڵێی سیستەمێکی دەنگی بە چواردەوری سەرتاندا درووستدەکات، یان ئەو کۆنترۆڵکەرانەی کە ئیمکانتان دەدەنێ دەستتان درێژبکەن و بەشێوەیەکی شهودی پەیوەندی لەگەڵ ئەم دونیا دەستکردەدا درووستکەن. گەشەسەندنی بەم نزیکانەی واقیعی مەجازی، ئاستی نقومبوون وەها توندەکاتەوە وەك بڵێی بەڕاستی لەم واقیعەدا ئامادەییتان هەیە: کاتێك بەکارهێنەرانی واقیعی مەجازی سەیری دەوروبەری خۆیان دەکەن و (ڕێدەکەن)، دونیای چواردەوریشیان بەجۆرێك دەگۆڕدرێت وەك بڵێی سەیری واقیعێکی ڕاستەقینە دەکەن یان جێگاکانی خۆیان دەگۆڕن.
- «واقیعی زێدکراو» گۆشەی ڕوانینمان بۆ واقیع داگیردەکات و زانیاریی دیجیتاڵیی بۆ زیاددەکات، بۆنمونە لە ژمارە سادەکانەوە تا نۆتیفیکەیشنە نوسراوەکان و شاشەی **لاساییەکەرەوەی ئاڵۆز**؛ تاکو بتوانێت بەهۆی زانیاریی دیجیتاڵەوە گۆشەی ڕوانینمان بۆ واقیع زیاتر بڕەخسێنێت، بێ ئەوەی ئامێرێکی دیکە چێك بکەین(کە سەرەنجامیش دەستمان بۆ ئیشوکاری تر ئاوەڵادەکات).

---

[8]. Mixed Reality

کەواتە ئێمە ڕاستەوخۆ و بێ نێوانگر واقیع دەبینین، ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێك داتای هەڵبژێردراودا لەبارەیەوە کە چوارچێوەیەکی تەفسیری دەخاتە بەردەستمان کە چۆنچۆنی مامەڵە لەتەك واقیعدا بکەین(بۆنمونە کاتێك سەیری ئۆتۆمبیلێك دەکەین، ئەوا کۆمەڵێك داتا دەبینین بەسەر شاشەکەوە کە تایبەتە بە ئۆتۆمبیلەکە).

- بەڵام موعجیزە ڕاستەقینەکە واقیعە تێهەڵکێشکراوەکەیە کە لێدەگەڕێت دونیا واقیعییەکە ببینین، و بەشێك لە هەمان واقیع ئەو ئۆبێکتە مەجازییە "بڕواپێکراو"ـانەن کە لە فەزای واقیعییدا «لەنگەریان گرتووە» و ئەو توانایەمان پێ دەبەخشێت کە وەك شتی واقیعی مامەڵەیان پێوە بکەین. بۆنمونە، با وای دابنێین بەدوای مێزێکی ئاساییدا دەگەڕێم، بەڵام کۆمەڵێك ئۆبێکتی مەجازیی کارلێکەر دەبینم(کەسێك، مەکینەیەك، مۆدێلی بینایەك) کە لەسەری دانیشتوون. کە بە چواردەورمدا دەسوڕێمەوە، ئیدی دیمەنە مەجازییەکەش پێگە هاوتاکەی خۆی دەپارێزێت؛ کاتێك بەرەو ئۆبێکتەکە دەچەمێمەوە ئەویش وەك ئۆبێکتێکی واقیعی نزیکتردەبێتەوە. بە هەمان ڕادە، دەتوانم بەشێوەیەکی وەها "واقیعی و ڕیالیستی" مامەڵە لەگەڵ ئەم ئۆبێکتە مەجازییانەدا بکەم کە کاریگەریی بۆ سەر واقیعە نامەجازییەکە هەیە(بۆنمونە، دەست بە دوگمەیەکی سەر مەکینە مەجازییەکەدا دەنێم و هەوا فێنکەکە دەکەوێتە گەڕ[9]).

کەواتە چوار ئاستی واقیعمان هەیە: واقیعی ڕاستەقینە (کە درکی دەکەین و کارلێکی لەگەڵ دەکەین)، واقیعی مەجازی، واقیعی زێدەکراو، واقیعی تێهەڵکێشکراو. بەڵام ئایا *واقیعی ڕاستەقینە*، هەربەڕاستی بریتییە لە واقیع؟ یاخود جۆرە میکانیزمێکی مەجازی هەیە و هەمیشە نێوانگر و بەردەوامیپێدەری تەنانەت

---

[9]. Johnson, E. What are the differences between virtual, augmented and mixed reality? www.recode.net (2016).

ڕاستەوخۆترین ئەزموونەکانمانە دەرهەق بە واقیع؟ زانستە زانینگەرییەکانی[10] ئەمڕۆ بەدیاریکراوی پشتیوانی لە دیدگای دووەم دەکەن. بۆنمونە، گریمانە بنچینەییەکەی ناو «هیترۆ فینۆمینۆلۆژیا[11]»کەی دانیال دێنیت بەم جۆرەیە: ئەزموونی زەینی و سوبێکتیڤ، حەکایەتی ڕەمزیی تیۆریست (تەفسیرکار) یان گوزارەکانیەتی؛ نەك پانتایی فینۆمینە کە ڕاستەوخۆ لەبەردەست تێگەیشتنی سوبێکتدایە. دونیای ئەزموونی سوبێکتیڤ ڕێك بەو جۆرە بنیاتدەنرێتەوە کە دونیای ڕۆمانێك بەهۆی خوێندنەوەی تێکستەکەیەوە بنیاتدەنێینەوە. لە نیگای یەکەمدا، بێگوناهـ یاخود بەڵگەنەویست دەردەکەوێت: دیارە ئێمە ڕاستەوخۆ دەستمان بە زەینی کەسەکانی تردا ناگات، دیارە دەبێت ئەزموونە خودییەکانی تاکەکەسێك بەپێی ژێستە دەرەکییەکانی، سیما و دەرکەوتە و لەسەرووی هەموشیەوە، وشەکانی، بنیاتبنێینەوە. بەڵام مەبەستەکەی دانیال دێنیت لەم شتانە ڕیشەییترە: ئەو، ئەم پێوانەیە تا دوا سنوری خۆی دەبات. لە ڕۆمانێکدا، ئەو دونیایەی کە بنیاتی دەنێینەوە پڕە لەو «کون»ـانەی کە کە سەروسیمایەکی تەواوەتییان نیە؛ بۆنمونە ئەو کاتەی کە کۆنان دۆیڵ باسی باڵاخانەکەی شارلۆك هۆڵمز دەکات تەرحکردنی ئەو پرسیارە شتێکی زۆر بێمانایە کە کتومت چەند کتێب لە ڕەفەی کتێبخانەکەیدا هەیە، چونکە نوسەرەکە وێنایەکی تەواوەتیی لەبارەیەوە لە زەیندا نەبووە. بە لای دانیال دێنیتیشەوە، هەمان خاڵ سەبارەت بە ئەزموونی کەسانی تر لە «واقیع»دا ڕاست دەردەچێت. ئەوەی نابێت گریمانەی بکەین ئەوەیە کە لە قووڵایی دەروونی کەسێکی تردا، خودئەزموونییەکی تەواوەتیی تایبەت بە خۆی هەیە کە تەنیا هەندێ پارچەی دەگاتە ئێمە. تەنانەت ناکرێت ڕواڵەتەکانیش بپارێزیت.

---

[10]. cognitive science

[11]. Heterophenomenology



دەتوانین لێکدانەوەیەکی باش لەم خاڵەی "دانیال دێنیت"ـەوە بخەینەڕوو ئەویش بەبەراوردکردنی دوو پێگەی ستاندارد کە هەمیشە وەك دوو شتی دژیەك سەیردەکرێن، بەڵام لەڕاستیدا تەبا و هاوئاراستەن: فینۆمینەگەرایی کەسی یەکەم[12]، و ئۆپەراسیۆنگەرایی ڕەفتارەکیی کەسی سێیەم[13]. لەلایەکەوە، تەنانەت گەر زەینمان سۆفتویێرێك بێت لەناو هاردوێری مێشکماندا، ئەوا هێشتاش هەر هیچکەس ناتوانێت ئەزموونی تەواوەتیی کەسی یەکەم لەبارەی واقیعەوە لە ئێمە وەربگرێت؛ لەلایەکی تریشەوە، بۆ تێگەیشتن لە زەین دەبێت خۆمان لە سەرنجدانەکانی کەسی سێیەمدا سنورداربکەین کە دەتوانین لەڕووی بابەتییەوە درووستییەکەیان پشتڕاستبکەینەوە و هیچ شرۆڤەیەکی کەسی یەکەم قبوڵنەکەین. دانیال دێنیت لە ڕیشەی دژیەکیی ئەو شتە دەدات کە پێی دەڵێت «ئۆپەراسیۆنگەرایی کەسی یەکەم»: دەبێت درزێك(درزی نێوان ناوەڕۆك و نوسخە تۆمارکراوەکەی، درزی نێوان کاتی نوێنراوە و کاتی نواندنەوە) بۆ ئەزموونی کەسی یەکەممان دابنێین. خاڵێکی سەرنجڕاکێش و سەرەتایی "لاکانی" لە بۆچوونەکەی

12. first-person phenomenalism

13. third-person behavioral operationalism

**دێنیت(و هیترۆ فینۆمینۆلۆژییەکەیدا) ئەم پێداگرتنەیە لەسەر جیاکاریی نێوان کاتی نواندنەوە و نواندنەوەی کاتدا(وەك شوێن). ئەم دووانە یەکێك نین، واتە تەنانەت لە ڕاستەوخۆترین ئەزمونی "کاتی"یشماندا هەڵقەی فلاشباکەکە ئاشکرایە. ڕیزبەندیی ڕووداوەکانی ...ABCDEF لە ئاگاییماندا بەو جۆرە دەنوێنرێتەوە کە بە E دەستپێدەکات پاشان بەدوای ABCDدا دەڕوات، سەرەنجامیش دەگەڕێتەوە بۆ F کە لە واقیعدا ڕاستەوخۆ دوای E دێت. تەنانەت لە ڕاستەوخۆترین ئەزموونی ڕاگوزەری تایبەتیی خۆماندا پێشوەخت درزێکی هاوشێوەی درزی نێوان «دال» و «مەدلول» لەئارادایە. تەنانەت لێرەشدا ناتوانین «فینۆمینە بپارێزین»، چونکە ئەوەی وەك نواندنەوەی ئەزموونکراوی ڕاستەوخۆی کات دەیناسینەوە(یان بەهەڵە دەیناسینەوە)، واتە زنجیرەی فینۆمینالّی ...ABCDEF، هاوکات پێکهاتەیەکی "ناڕاستەوخۆ"ـی کاتێکی نواندنەوەی دیکەیە: ... E/ABCD/F.**

**کەواتە «ئۆپەراسیۆنگەرایی کەسی یەکەم»، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن تەنانەت لە ئەزموونکردنی ڕاستەوخۆی خۆیشماندا، درزێك دەمێنێتەوە لەنێوان ناوەڕۆك(ئەو گێڕانەوەیەی کە لە زاکیرەماندا هەڵکۆڵراوە) و ئاستی «ئۆپەراسیۆنی»ـی پێکهاتنی ئەم ناوەڕۆکەش لەلایەن سوبێکتەوە؛ واتە ئەو جێیەی کە زنجیرەیەك نوسینەوە و ڕیزکردن لەئارادایە. «لەخۆڕوانین تەنیا ناوەڕۆکی نواندنەوەکە دەخاتە بەردەستمان(سوبێکت و ئەزموونگەری دەرەکی)، نەك تایبەتمەندییەکانی میدیۆمی نواندنەوە[14]». بەم مانا پڕاوپڕە، سوبێکت بریتییە لەو چیرۆکەی کە هەر خۆی هۆنیویەتیەوە: ناوەڕۆکی خودئەزموونییەکەی سوبێکت بریتییە لە حەکایەتسازییەك کە شوێنەوارەکانی زاکیرە و یادگە دەستوەردانیان تیادا هەیە. کەواتە لەو جێیەدا کە دانیال دێنیت دەڵێت: «نوسین و تۆمارکردنی لە یادگەدا پێوەری ئاگاییە، واتە هەر ئەوەیە کە**

---

[14]. Dennett, D.C. *Consciousness Explained Little.* Brown, Boston, MA, 1991

"پێدراوەکە" وەك وەرگیراو دەداتەوە، واتە وەرگرتن بە یەك شێوە نەك چەند شێوەیەکی تر»؛ هەروەها بانگەشەی ئەوەش دەکات کە «هیچ واقیعێکی ئەزموونی ئاگایی بوونی نیە کە جیا بێت لە شوێنەوارەکانی هەڵگرە جیاجیاکانی ناوەڕۆك بەسەر کردەکانی دواتریدا(هەروەها لێرەدا بەسەر زاکیرەشدا)»، دیارە دەبێت وریابین ئەم خاڵە پشتگوێنەخەین: ئەوەی بە لای سوبێکتی نیگەرانەوە گرنگە شێوازی نوسین و تۆمارکردنی ڕووداوێکە لە زاکیرەدا و هەڵگرتنێتی لە یادگەدا. زاکیرە پێکهێنەری ئەزموونی ڕاستەوخۆی خودی خۆمە، واتە "ئەزموونی ڕاستەوخۆ"ـی ئەو شتەی کە من وەك ئەزموونی ڕاستەوخۆ لە زاکیرەمدا هەڵیدەگرم. یان بەپێی دەربڕینە هیگڵییەکە(کە گومانی تیا نیە دانیال دێنیت دەتۆقێنێت): ڕاستەوخۆیی و بێ‌نێوانگربوون[15]، خۆیشی نێوانگری‌کراوە؛ ئەویش وەك بەرهەمی شوێنەوارەکانی نێوانگریکردن. دەتوانین ئەم خاڵە بەگوێرەی پەیوەندیی نێوان ئەزموونی ڕاستەوخۆ و حوکمدان لەبارەشیەوە دەرببڕین: قسەکەی دێنیت ئەوەیە کە بەر لە حوکمدان هیچ ئەزموونێکی ڕاستەوخۆ بوونی نیە؛ واتە بڕیارە حوکمئاسا و داوەرییەکان پێشوەخت پاڵپشتی ئەو شتەن کە من وەك ئەزموونی خۆم بنیاتی دەنێم(ـەوە) و (تۆماریدەکەم).

لەبەر ئەم هۆیە، کۆی کێشەی «پڕکردنەوەی درزەکان» کێشەیەکی درۆزنانەیە، چونکە درزێك لەئارادا نیە پڕبکرێتەوە. وەرن با بچینەوە گیانی نمونە کلاسیکەکە، واتە خوێندنەوەی ئەو «تێکست»ـەی کە پڕە لە هەڵەی چاپ/تایپ: زۆرێك لەم هەڵانە بەر چاو ناکەون، واتە مادام ئسلوبێکی ناسینەوەی نمونەکان لەئارادایە کە خوێندنەوەکەمان ئاراستەدەکات ئەوا دەقەکە بەجۆرێك دەخوێنینەوە وەك بڵێی هەڵەی تیا نیە. حەکایەتە فینۆمینۆلۆژییەکە دەربارەی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە بە هیمەتی ئسلوبی چالاکی ناسینەوەکەم «درزەکان پڕدەکەمەوە» و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکییش تەنانەت بەر لە

15. Immediacy

درککردنی ئاگایانەم ڕێنوسە درووستەکە بنیاتدەنێمەوە؛ وادەردەکەوێت خەریکی خوێندنەوەی تێکستێکی درووستم کە هەڵەی تیا نیە. بەڵام گەر ئەو ئسلوبە کردەکییەی کە پەیڕەودەکرێت جیاوازبێت، چی دەبێت؟ لەسەر بنەمای ئسلوبی گەڕانی چالاکانە بۆ نمونە ناسراوەکان، من بەخێرایی بە دەقەکەدا دەچمەوە(درککردنی کردەکیی ئێمە چەندقات لەوە پچڕاوتر و پارچەترە کە دەردەکەوێت)؛ هەر لەبەر ئەم تێهەڵکێشکردنەی نێوان ئسلوبە چالاکەکە و درککردنە پارچەپارچەکەیە کە زەینم ڕاستەوخۆ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بۆنمونە: ئەو وشەیەی لێرەدا بە "ئەنجام" خوێندمەوە، نەك «ئەنجام» بەو جۆرەی کە لە واقیعدا نوسراوە؟ لێرەدا هیچ درزێك بوونی نیە تا پڕبکرێتەوە، چونکە ساتی ئەزموونی درککردنی بەر لە وەرگرتنی ئەم ئەنجامە(واتە داوەریکردن) بوونی نیە کە ئەو وشەیەی خوێندمەوە «ئەنجام» بێت: دیسان ئسلوبە چالاکەکەم ڕاستەوخۆ بەرەو وەرگرتنی «ئەنجام»م دەبات.

با بگەڕێینەوە بۆ باسوخواسی واقیعی مەجازی(VR) و واقیعی زێدکراو(AR) و واقیعی تێهەڵکێشکراو(MR): ئایا ئەو دەرەنجامەی کە خۆی دەسەپێنێت بریتی نیە لەوەی کە پێکهاتەی "ڕاستەوخۆ"ــی ئەزموونی ئێمە سەبارەت بە واقیعی "ڕاستەقینە"، تێکەڵەیەکە لە واقیعی ڕاستەقینە و واقیعی زێدکراو و واقیعی تێهەڵکێشکراو؟ کەواتە دەبێت ئەوەمان لەبیربێت کە: واقیعی زێدکراو و واقیعی تێهەڵکێشکراو کاری خۆیان دەکەن چونکە دابڕانێکی ڕیشەییان نیە لە شێوازی مامەڵەکردنماندا لەگەڵ واقیعدا، چونکە ئەو بونیاد و پێکهاتەیە سازوئامادەدەکەن کە لەم مامەڵەیەدا کاردەکات. هەندێك ئەرگۆمێنت هەن(لە زانستە مێشکییەکانەوە وەرگیراون) کە دەڵێن شتێکی هاوشێوەی "خورافەتسازیی ئایدۆلۆژی" وەکو بنەڕەتییترین کارکردی مێشکی ئێمە ئیشدەکات. تاقیکردنەوە بەناوبانگەکەی «دووپارچەکەی مێشك» بێننەوە بیری خۆتان:

(«دوو وێنە پیشانی نەخۆشێك دەدرێت: هیماڵێك لە زستاندا و هی چنگی مریشکێکیش. وێنەکان بەجۆرێك جێگیرکراون کە تەنیا لە پانتایی بینایی مێشکەوە ببینرێن: ماڵە زستانییەکە بەجۆرێك جێگیرکراوە کە تەنیا لە پانتایی چەپی بینایی مێشکی نەخۆشەکەوە ببینرێت کە  بەرامبەرە بە نیوەی لای ڕاستی مێشك. چنگی مریشکەکەش بەجۆرێك جێگیرکراوە کە تەنیا لە پانتایی بینایی ڕاستی نەخۆشەکەوە ببینرێت کە بەرامبەرە بە نیوەی لای چەپی مێشکی نەخۆشەکە.

زنجیرەیەك وێنە دەخرێتە بەردەم نەخۆشەکە و داوای لێدەکرێت وێنەیەك بە دەستی ڕاستی و وێنەیەکیش بە دەستی چەپی هەڵبژێرێت. پارادایمی شتەکە بەجۆرێك ڕێکخراوە کە هەڵبژاردنەکە بۆ نەخۆشەکە شتێکی ئاشکرا و حەتمی بێت. بێڵێکی بەفرماڵ بۆ پاککردنەوەی بەر دەرگای ماڵە زستانییەکە بەکاردەهێنرێت و سەری مریشکێکیش کە پەیوەستکراوە بە چنگی مریشکێکەوە. باقیی وێنەکانی تر هیچ پەیوەندییەکیان بەم دوو وێنەیەوە نیە. نەخۆشەکە بە دەستی چەپ بەفرماڵەکە هەڵدەبژێرێت کە بەرامبەرە بە نیوەی لای ڕاستی مێشکی. بە دەستی ڕاستیشی سەری مریشکەکە هەڵدەبژێرێت کە دەکاتە نیوەی لای چەپی مێشکی. کاتێك لە نەخۆشەکە دەپرسرێت بۆچی ئەم وێنانەی هەڵبژاردووە، ئەویش وەڵامێکی سەیر دەداتەوە: "چنگی مریشکەکە پەیوەندیی بە سەری مریشکەکەوە هەیە و بۆ ئەوەشی کە کولانەی مریشکەکە پاکبکەیتەوە پێویستت بە بێڵێکی بەفرماڵ هەیە". بۆچی وا دەڵێت؟ مەگەر شتێکی ئاشکرا نیە کە بێڵە بەفرماڵەکە پەیوەندیی بە ماڵە زستانییەکەوە هەیە؟ بۆ ئەو کەسانەی کە تێشووی دەزوولەیی[16]ـــان تەندرووستە ئەوا بەڵێ شتەکە ئاشکرایە، بەڵام بۆ ئەو نەخۆشانەی کە تووشی پارچەبوونی مێشك هاتوون نەخێر ئاشکرا نیە. هەردوو خانوە زستانییەکە و بێڵە بەفرماڵەکە لە پانتایی بینایی چەپی نەخۆشەکەوە پیشانی ئەو دراون و نیوەی لای ڕاستی

16. corpus callosum

سەرقاڵی وەرگرتن و پرۆسێسکردنی ئەم زانیارییانەیە و ئەم داغڵبوونانە بەتەواوی دەکەونە دەرەوەی ڕووداوەکانی پانتایی بینایی لای ڕاستیەوە کە چنگ و سەری مریشکەکەی تیایە(کە ئەم زانیارییانە لای نیوەی چەپەوە پرۆسێسدەبن). نیوەی لای چەپی مێشکی مرۆڤ بەرپرسە لە تەفسیرکردنی مانای ئەو داغڵبوونە هەستەکییانەی کە لە هەردوو پانتایی بیناییەکەوە شت وەردەگرێت، بەڵام نیوەی لای چەپ هیچ زانیارییەکی لەمەڕ ماڵە زستانییەکە نیە. بە حوکمی ئەوەی ئەم نیوەیە هیچ زانیارییەکی لەبارەی ماڵە زستانییەکەوە نیە بۆیە دەبێت هۆکارێکی لۆژیکی بۆ هەڵبژاردنی بەفرماڵەکە داتاشێت. لای نیوەی چەپیش تەنیا پێویستی بە چنگ و سەری مریشکەکەیە بۆیە مانای هەڵبژاردنی بەفرماڵەکە بەم جۆرە تەفسیردەکات: ئەم شتە پێویستە بۆ یارمەتیدانی مریشکەکە کە لە کولانەدا دەژی و بەفرماڵەکەش بۆ پاککردنەوەی کولانەی مریشکەکە بەکاردێت»). گازینگا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردەیە، زاراوە بەناوبانگەکەی "تەفسیرکاری لای چەپی مێشك"ـی داهێنا[17].

ئەو خاڵە گرنگەی کە پێویستە بیری بخەینەوە ئەوەیە کە نەخۆشەکە «بەشێوەیەکی ئاگایانە خەریکی خورافەتسازی نەبوو»: «پەیوەندیی نێوان چنگی مریشکەکە و بەفرماڵەکە گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەی ئەو شتە بوو کە "بیری لێدەکردەوە"[18]». ئایا ئایدۆلۆژیاش لە بنەڕەتییترین فۆرمی خۆیدا تەفسیرکارێکی لەم جۆرە نیە کە لە دۆخەکانی سەرکوتدا بەهۆی خورافەتسازییەوە پاساو بۆ خۆی دەهێنێتەوە؟ نمونەیەکی تاڕادەیەك سادەکراوە ئەمەیە: تاقیکردنەوەیەکی هاوشێوە بێننە بەرچاوی خۆتان کە دوو وێنە پیشانی سوبێکتێکی نقومبووی ناو ئایدۆلۆژیا دەدرێت: ڤێلایەکی جوان و دەستەیەك کرێکاری برسیی بێچارە، لە کارتەکانی تەنیشتیشەوە، پیاوێکی دەوڵەمەندی قەڵەو هەڵدەبژێرێت(کە

17. M.S. The split brain revisited. *Scientific American* 179, pp. 50-55, 1998

18. Foster, C. *Wired to God?* Hodder, London, 2011

**نیشتەجێی ڤێلاکەیە). هەروەها لەگەڵ ژمارەیەك پۆلیسی هێرشبەردا کە ئیشەکەیان بریتییە لە سەرکوتکردنی نارەزایی نائومێدانەی ئەو کرێکارانەی کە دواجار بەرپایدەکەن. "تەفسیرکارەکەی لای چەپی مێشك"ـی ئەو، کرێکارە مانگرتووەکان نابینێت ئەی چۆن پۆلیسە هێرشبەرەکان تەفسیردەکات؟ دیارە بەهۆی خورافەتسازییەکی لەم جۆرەوە: «پێویستە پۆلیسەکان هەبن تاکو پارێزگاری لەو ڤێلایە و پیاوە دەوڵەمەندەکەی ناوی بکەن»[واتە لەرێگەی خورافەتێکەوە ئەو رەهەندە ئایدۆلۆژییە پەردەپۆشدەبێت کە کابرای دەوڵەمەند هەر لەبنەرەتەوە خۆی دزە]. ئایا چەکە کۆکوژە (بەد)ناوبانگە وەهمی و «نەبووەکان»، کە پاساوی دەدایە ئەمریکا پەلاماری عێراق بدات، رێك بەرهەمی ئەم خورافەتسازییانە نەبوون کە دەبوو جێگەی بەتاڵی «هۆکاری راستەقینە»ـی هێرشەکە پربکەنەوە؟**

سەرچاوەکان:

http://tarjomaan.com/neveshtar/9154/#02

http://nautil.us/issue/54/the-unspoken/ideology-is-the-original-augmented-reality